# نا بۆ هەڵبژاردن، نا بۆ دەستور، نا بۆ دەنگدان


## حلمی سەعید

hilmysaid@yahoo.com


ماوەیێکە ڕاگەیاندنی حزبەکان (کوردسات، کوردستان) بە هەموو شێوەیێک لە خەڵک دەپاڕێنەوە بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی دادیّ دەنگبدەن، بۆ ئەم مەبەسەش چەند وێنەیێکی تراژیدی خەڵکی هەژار و کەس و کاری شەهیدان بەبیّ شەرمانە بەکاردێنن، بۆ ئەوەی خەڵک بچن بۆ دەنگدان، ناشزانن کە خەڵک لەبەر ئەو وێنانە ناچن بۆ دەنگدان، میللەتێک ئەوەی بەسەر هێنابین، چۆن دەنگ دەدەین بۆ ئەوەی بە ڕەزامەندی خۆمان لەخۆمانی مارەبکەین ، ئێ خۆ منداڵیش ئەو ڕاستیە دەزانیّ، ئەو دایکە شەهیدانە کە پانزە ساڵە لەسایەی جوت حکومەتەکاندا تەنها هەژارتریان لێهاتوە، کەس لەبەر کۆکردنەوەی دۆلار ئاگای لێیان نەبووە، هەتاکو ڕۆژ هات و حزبەکان پێویستی بە دەنگەیان بوو، ئینجا دایکی شەهیدیان بەبیر هاتەوە.

ئەنفال و کورد قران و سیاسەتی تەبعیس و تەعریبیان لەکاتی مفاوەزات کردن لەگەڵ (برا)!! عارەبەکانیان لەبیرنەبوو کە تەنانەت یەک لەمافەکانی کوردیان لەناو ئەو دستورە ئیفلەجەدا نە چەسپاندو پێشیان ناچەسپێ، نەک 2007 بەڵکو هەتا هەتایە، هەتا وەکو خاوەن ئەو عەقڵیەتە شمووڵی و تاکڕەوەبن، کوردی باشوور بەسەرکردایەتی یەکێتی و پارتی بە هیچ شتێک ناگات و گەورەترین دەرفەتی مێژویی لەدەست دەدات، لەوانەیە بە سەد ساڵ و چەند ئەنفالێکی تریش نەیێتەوە.

لەوانەیە خەڵکی ئاسایی نەزانیّ، بەڵام حزبەکان بەخۆیان چاک دەزانن کە ماویان زۆر کەمبۆتەوە، ئەو پاڕانەوەیەش تەنها بۆ ئەوەیە تەمەنی دەستەڵاتەکەیان درێژبکاتەوە، چونکی لەناو پارسەنگی ئەقلیمیدا دۆڕاون لەڕووی ئقلیمیەوە، هەموو دەوڵەتەکانی دەوروبەردژیانن، هەرچەندە هەوڵی بەهەموو شێوەیێک دراوە لەماوەی ئەو پانزە ساڵە ڕابردوە بۆ ڕازیکردنی دوژمنی کورد، لەعەرەب و تورک و ئێرانی، بگرە لە براکوشتن و دەست سورکردن بەخوێنی میللەتی خۆیان و دەربەدەرکردن و ئاوارەیی، بەڵام تۆبەی 'گورگ مەرگە'، دوژمنی نەتەوەت قەت نابێت بەدۆست.

لەناوخۆ زۆر لاوازن لەبەر ئەوەی میللەتیان لەپشت نیە و خەڵک لەدزی و گەندەڵی و تعەدا پڕ بووە، بۆ هەر لێقەومانێک کەس پشتیان ناگرێت، تەنانەت گەندەخۆر و چەلاخۆر و داروودەستەکانیشیان کەس لەپشتیان نامێنێت، چونکی لەکاتی لێقەومان کەس لێیان نابێت بە خاوەن، ئەوەش سەدام و دەستەکەی لەبەرچاوە.

بەخوا ئەمریکاش هی ئەوە نیە پشتی پێ ببسترێت، چونکی لەڕووی سیاسەتی دەرەوەوە، ئەمریکا یەک تۆزقاڵ ئەخلاقی نیە.

باشتر وایە کورد لەو هەڵبژاردنەدا دەنگ نەهێنیّ، ئەگەر کورد دەنگی نەهێنا، سەرکردەکان بە هیچ شێوەیێک ئامادە نین دەسکەوتەکانی خۆیان بەدەستەوە بدەن، بۆیەش هەتا زووە نێوانمان لەگەڵ عارەب تێکبچیّ باشترە، با تێکبچیّ هەتاوەکو ئەمریکا لەوێیە، ئەگینا دوای کڕینی چەک و

خۆلەسەرپێ راگرتن، نیشانمان دەدەن فیدرالی یەعنی چی و ماف رەنگی چیە، تا ئەو کاتە، نا بۆ دەنگدان، نابۆ دستور، نا بۆ مامەڵە کردن و نا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ عەرەب بەهیچ شێوەیێک.
بەڵێ بۆ ریفراندۆمی سەربەخۆیی، بەڵێ بۆ ریفۆرم و پاکسازی لەناو خودی حزبە دەستەڵات دارەکان.